# تایبەتمەندییەکانی شیعری حەمدی

د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود

حەمدی (٥) جار ناوی (ئەفلاتوونی حەکیم)ی هێناوە، (٤) جار بە فلاتوون و (١) جاریش بە ئەفلاتوون. فەلاتوون: فولووتین = ئەفلووتین = فلووتینوس (٤٢٧ - ٣٤٧ پ. زایین)، فەیلەسووفی بە ناوبانگ، لە خێزانێکی ڕۆمی هاتووەتە دنیاوە، لە میسر و ئەسکەندەرییە ژیاوە.

لە فەلسەفە و عیرفان بەهرەمەند بووە، شارەزای حیکمەتی ئێرانییان و هیندییەکان بووە. سەری ئێرانی داوە و لە گەڕانەوەدا چووە بۆ ڕۆم و لەوێ ماوەتەوە، لە هەمان شوێن کۆچی دوایی کردووە. لای پەیڕەوکارانی پایەیەکی بەرزی هەبووە، فەلسەفەکەی خۆی لە (٥٤) نامەدا نووسیوەتەوە، فەلسەفەی فەلاتوون، وەحدەتی وجوودە. لە کوردستان و وڵاتانی ڕۆژهەڵات، کتێبەکەی کە بە ناوی (کۆمار)ـە، زۆر بە ناوبانگ و دیارە.

**- حەکیمانە وەرن بنواڕنە ئەم خەتتی ئەبرۆیە**
**بزانم کەی بوو ئەم حەرفە لە تۆماری فلاتوونا**
**٢٤٣+ حەکیم**

حەکیم: دانا، بەتوان، ژیر، پزیشک. خەت: نووسین، شوێنی قەڵەم لەسەر ڕووی کاغەز، ماوەی نێوان دوو نوقتە. حەرف: پیت، قسە. تۆمار: نامە، دەفتەر، کاغەز، هەموو شتێکی نووسراو، قسە خستنە سەر کاغەز.

حەمدی لەو دێڕەیدا دەڵێ: وەکوو کەسانێکی دانا و ژیر، وەرن بنواڕنە ئەو خەتتی ئەبرۆیە، بەچاوی خۆتان ببینن! بابزانم ئەو پیت و قسانە کەی لە تۆماری فلاتوونا تۆمار کراون.

**- فلاتوون بوو وتوویە نابی قەت ئەمسالی خۆر جازیب**
**بزانە چۆنی ڕاکێشا بە ڕووی یاری کە کرد حاجیب ٢٥٥**

جازیب: دڵگیر، دڵکێش، دلبەر. حاجیب: بڕۆ، قاشی بڕۆ. دەرگاوان، پەردەدار.

فلاتوون گوتویەتی: وەک نموونەی بەهێزی دڵگیر و دڵکەش و دلبەری، تەنیا خۆرمان هەیە و بەس.

بزانە! تەماشاکە بڕۆ و قاشی بڕۆی ڕوخساری یارم چ جۆرە ڕاکێشانێکی ناوازەی نیشان داوە.

**- چاری دەردی عەشقی پێ نەکرا فلاتوون و وتی**

**تێکەڵی خوێنە موحەققەق ڕۆحە واچۆتە دەمار**
**٣٠٣**

موحەققەق: بەڕاستی، بە ڕاستی پێویستە، ڕاستودروست. دەمار: ڕەگ.

زۆر دەرد هەن بێ دەرمانن، هەر بۆیە فلاتوونیش چارەی دەردی عیشقی پێ نەکراوە. هەر ئەوەندەی بۆ مایەوە بڵێ: ئەوە دەردێکە تێکەڵی خوێن دەبێ! بەڕاستی دەبێتە بەشێک لە ڕوح و دەچێتە ناو ڕەگ و دەمارەکان.

**– چ بێ مەعنایە چوونە مەعرەکەی ئینسانی پڕ مەعنا**

**کە شیعری ڕەبتی پێ ناکا لە ئەفلاتوون قبوولی حەرف ٣٤٤+ ئیدراک**

ڕەبت: گرێدان، پێک گەیاندن. قبوول، پەسندکردن. چوونە شەڕی مرۆی تەژی لە مانا، خۆی لە خۆیدا ئەنجامەکەی دۆڕانە. لەو دێڕەدا حەمدی ئەفلاتوونی بەکار هێناوە.

**– داخلی فەهرەستی تۆماری فەلاتوونی نەبوو**

**هەرنەسیبی دوژمنم بێ دەردی بێ دەرمانی من**
**٤٠٠**

لەبەر ئەوەی نەچووەتە فیهرەست و ناوەرۆکی تۆماری ئەفلاتوونەوە، خوایە! ئەو دەردە بێ دەرمانە، هەر بەش و نەسیبی دوژمنەکانم بێ.

**– گەر بڵێم ئەسکەندەرانە غەدرە ئەسکەندەر مەدام**

**ساحیبی ئۆردو وەزیری وەک ئەرستۆی بوو لەگەڵ ١٣٣**

حەمدی (٢) جار ناوی ئەرستۆی هێناوە. ئەسکەندەرانە = ئەسکەندەر+ انە = وەکوو ئەسکەندەر.

مەدام- مودام: مەی، شەراب. ئەو بارانەی زۆر دەخایەنێ. هەمیشە، هەردەم، هەرکات. ئۆردوو: لەشکری ئامادەبوو بۆ جەنگ بە



**حەمدی**

هەموو چەکەوە. ئەم وشەیە تورکی و مەغۆلییە.

ئەرستۆ: (٣٨٤- ٣٢٢ پ.زایین). باوکی ناوی (نیکوخوماس)ـە، پزیشکی تایبەتی پاشای مەگدۆنیا بوو. قوتابی ئەفلاتوون و مامۆستای ئەسکەندەری مەزن بووە. کتێب و بەرهەمی زۆری ماوە، لەوانە: هونەری شیعر (پییۆتیکا)، (فن الشعر)، هونەری دواندەری (ڕییۆتیکا)، (فن الخطابة).

ئەسکەندەر: لە وشەی ئەورووپایی (ئەلێکساندەر)ـەوە وەرگیراوە، کوڕی فیلیپۆسی ئیمپیراتۆری مەگدۆنیا بووە. بە لەشکرێکی چل هەزار کەسییەوە هێرشی بردە سەر دەوڵەتی دارا لە (٣٣١)ی پێش مەسیح، لە جەنگی گوگامیل لە نزیک هەولێر سەرکەوت و دەوڵەتی ئێرانی ڕووخاند و ئاگری لە ئەستەخر بەردا. بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی کۆندا زاڵ بوو، تا گەیشتە ڕووباری سەند لە هیندستان، عالەم گیر و زولقەرنەینیشی پێ دەڵێن.

**– حیکمەت بە تاڵە هەیئەت ئەوهامی بەرز و**

**پەستە**

**لەم ئەمرەدا ئەرستۆ بڕوانە چی بە دەستە**
**١٤٢+ حیکمەت**

حیکمەت: فەلسەفە، قسەی بەجێ، ڕاستیودروستی لە هەموو شتێک، دادپەروەری، زانستی، ژیری و دووربینی. هەیئەت: ڕوخسار، سیما، حاڵ، شێوە، ئەدگار، ڕوخسار و وەزعی هەر شتێک. پۆلێک، تاقمێک خەڵک. یەکێکە لە زانستە کۆنەکان (علم الهیئة)، واتە: شارەزا بوون لە بنجوبناوانی کەسێک، یان بنەماڵەیەک. ئەوهام: هوڵۆڵی، بیری پووچ، دڕدۆنگی، گومان. بەرز: برج، خانووەقوتکەی بان قەڵا.

پەست: ئاخن، نەوی، بێ غیرەت و بێ ناموس. وەڕس، جاڕس. شوێنی نزمی تەنگ. مەردومی بێ مایە و نرخ، (پەستبوون) زوییر بوون.

**– فەلسەفەی لوقمان لە کن ئەم زاڵمە ناکا فلووس**

**چی لە ئەسبابی دەکا لایق بە زاوابێ عەرووس**
**٣٢٤**

فەلسەفە: حیکمەت، زانستی شتەکانە، نیشاندانی ڕاستییەکانە بە ئەندازەی توانایی مرۆڤ. بەرز و بڵندترین پیشەیەکە لە پاش پێغەمبەرایەتی(١). لوقمان (حەزرەت): ناوی سوورەتێکە لە قورئانی پیرۆزدا، (٢) جاریش هەر ئەو ناوە لە قورئاندا هاتووە. پیاوێکی زانا بووە، بەگوێرەی بەسەرهات و داستانە ئیسلامییەکان حەبەشی بووە و لە سەردەمی (حەزرەتی) داووددا ژیاوە. لە شیعری کوردی و فارسی ...، لە پەندی پێشیناندا ناوی هاتووە، بە تایبەتیش ئامۆژگاری کوڕەکەی زۆر بە ناوبانگە.

فلووس: کۆی فلسە، پارە و پوول، کەمترین نرخی پارە بوو. من منداڵ بووم (٥٠) فلس یەک درهەم بوو، (٢٠) درهەمیش (١) دیناری کاغەز بوو. لایق: شایان، لێوەشاوە، جێی خۆیەتی. عەرووس: بووک.

**– عەشقە (حەمدی) سەوقی ساحەی فەلسەفە و ئیدراک ئەکا**

**عەشقی لێ لادە بزانم ساحبی عیرفانە ئەو**
**٤١١+ ئیدراک**

سەوق: ناردن، ڕەوانە کردن، هاژۆتن. ئیدراک: تێگەیشتن، زانایی، زیرەکی، لە بنەبانی شت گەیشتن.

عیرفان: بەخشین، چاکە، خێرکردن. پیاوەتی، جوامێری.

**– جەمعی ئەم زددانە چونکە داخلی مەنتیق نەبوون**

**دائیما ئەموت ئەمە دێون درنجن ئاخۆ چین**
**١١٧**

مەنتیق: قسەکردن، وتار، تەرازووی قسە. ناوی زانستێکە بەهۆی دەستووری ئەوەوە ئادەمیزاد دەتوانێ خۆی لە هەڵە بپارێزێ لەبیر کردنەوە، یان لێکدانەوەدا، دەڵێن: ئەرستۆ دەستووری ئەم زانستەی دۆزیوەتەوە لۆجیک. دێو: پەهلەڤییە، شتێکە خەیاڵی و ترسێنەر. وا زانراوە کە بوونەوەرێکی وەک ئادەمیزادی بڵند و گەورە و ناشیرین و ترسناک بووە، دوو شاخی وەکوو شاخی گای بەسەرەوە بووە و کلکی هەبووە، وایان زانیوە کە دێو لە نەوەی شەیتان بووە، درنج: شتێکی خەیاڵاتی وەکوو جنۆکەیە. (دێو و درنج).

**– پەستی مورادە حیکمەتە باڵایی شۆڕەبی**

**وەرنە جوانە قامەتی بۆچی چەمایەوە** ٤٣

وشەی حیکمەت (٢٠) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە. (حەمدی)ش (١٢) جاری بەکارهێناوە، حیکمەت: فەلسەفە، قسەی بەجێ. ڕاستیودروستی

لـە هەمـوو شـتێک، دادپـەروەری، زانسـتی، ژیـری و دووربینـی. پەسـت: ئاخـن، نـەوی، نـزم، وەرس، جـاڕس. مـوراد: مـراز، مەبـەس، ئـارەزوو، ئـەوەی دڵ دەیـەوێ. شـۆڕەبی: شـەنگەبی، جـۆری داری بی کـە لکەکانـی شـۆڕ دەبنـەوە. وەر: کورتکـراوەی وە ئەگـەرە. دوڕ: مـرواری درشـت، ناوەند، هەڵواسـراو.

**- ئەو زەمانە بۆ هەموو دەردێ دەوایان دادەنا**
**ئەهلی حیکمـەت دەردیـان داناوە بـۆ دەرمانـی دڵ**
**٤٥**

**- ئاوە یا نوورە لە عەکسی خۆر کە دەبریسکێتەوە**
**ئەهلـی حیکمـەت وا دەزانـێ دوڕڕەکانـی کانتـە**
**٥٠**

کان: کاراک، کارە، کۆن، مەعدەن.

**- دەوڵـەت ئەمـە بـێ ڕەحمەتـی سـەدبارە لـە نەگبـەت**
**دەرمانـی نییـە عاجـزە لـەم عیللەتـە حیکمـەت**
**٦١**

سـەدبارە: سـەت جـار، جـاری سـەتەم. نەگبەت: بـەڵا، چورتـم، بەدبەخـت، چـارەڕەش. عیللـەت: هـۆ، سـەبەب، نەخۆشـی، برینـداری، ناسـاغی.

**- ماڵـی مەکتـەب ڕەببـی ئاوابـێ خەزێنـەی جەوهـەرە**
**تـا هەڵـی کۆڵـی هـەر ئەشیا و کیمیا وو حیکمەتە**
**٧٦**

جەوهـەر: نـەژاد، بنیـاد، سـەربەخۆ، هەمـوو بەردێکـی بەنرخـی وەکـوو: ئەڵمـاس، یاقـووت، پیـرۆزە، مـرواری و شـتی تـر. ئەشـیا: کـۆی شـەیئە، شـتومەک، تشـت. کیمیـا: کـراوە بـە عەرەبی، وشـەیەکی یۆنانییە، واتـە: تێکەڵوپێکەڵ کـردن، یەکێکـە لـە زانسـتە شـاراوەکان و یەکێکـە لـە (٥) زانسـتە داپۆشـراوەکە.

**- حیکمەتـە تووتـی لەبـەر ئاوێنـە فێـری نوتـق دەبـێ**
**مـن بـە سـەیری ڕوومەتـی تـۆ گێـژ دەبـم بـێ نوتـق و لاڵ ٣٦٢**

تووتـی: مەلێکـە لە قسـەدا لاسایی مرۆ دەکاتەوە. نوتـق: گوتـن، قسـەکردن، بە زمـان هاتن، دوان.

**- گـەر بـە چـاوی مـن دەبینـی یـەک سـبەینێ ڕووی یـار**
**جا دەزانی حیکمەتی خۆ کوشتن و شێوانی من ٤٠٠**

شێوان: پەرێشان بوون، پشێوی و ئاژاوە.

**- خەریکـی ڕابیتـەی فەرهـاد و مجنوونـە شـوکر عوششـاق**
**بەبـێ حیکمـەت نییـە (حەمـدی) کـە بگـرێ دامەنـی هـەردی ٤٢٤**

ڕابیتـە: پێوەنـد، پێوەنـدی نێـوان دوو شـت، یـا دوو کـەس. ڕەبـەن، زاهیـد، سـۆفی. دامـەن: داوێـن، دامـەن، قەراغـی جل، بنـاری شـاخ و چیـاو گـرد. داوێـن گرتـن: داوای یارمەتـی کـردن، پـێ گرتـن. هـەرد: ئـەرز، زەوی.

**- بـە حیکمـەت چاکـە بیسـتوومە بسـووتێ عەنبـەری ئەشـهەب**
**بـە بۆنـی زلفـەوە جانـا دڵـم دەردی وەرەم دەگـرێ ٤٤٤**

عەنبەر: شـتێکی چەور و بۆنخۆش و خۆڵەمێشـییە. لـە ڕیخۆڵـە و گـەدەی ماسـی عەنبـەر دەردەهێنـرێ و لـە عەترسـازیدا بـەکار دێت. ئەشـهەب: ڕەش بـۆر، سـپی پـات. وەرەم: سـیل، دەردە باریکـە، دیـق.

**- بە حیکمـەت ناکرێ بیمـاری ئولفـەت (حەمدی) یـا چارە**
**نەسـیمی کۆیـی جانانـە کـە دەرمانـی عیلـەل دێنـێ ٤٥٢**

بیمـار: نەخـۆش، ناسـاغ. ئولفـەت: خوو ڕەوشـت گرتـن، دۆسـتایەتی، هاودەمـی. نەسـیم: شـەماڵ، بـای فێنـک. کـۆ: کـۆڵان، کووچـە، گـەڕەک.

عیلـەل: کـۆی عیللەتـە: هـۆ، سـەبەب، نەخۆشـی، ناسـاغی.

**- جەرحی جگەرم خۆ نەکرا چاری بە حیکمەت بـۆ چـاری منـی خەسـتەیی بـێ چـارە ئەوایـێ ٤٥٨**

جـەرح: بریـن، زام. جگـەر: جـەرگ. خەسـتە: نەخـۆش، دەردەدار، بیمـار، زامـدار، مانـدوو لـە ئەنجامـی کاری زۆر. ئـەوا: وشـەی خەبـەردان لـە ڕووداوێـک.

**- (حەمدی) شێتانە کە ئەتلێتەوە میسلی بیمار نییـە بـێ چـارە حەکیمـێ نییـە چـاری ناچـار ٦٤**

وشـەی حەکیـم (٨١) جـار لـە قورئانـی پیـرۆزدا هاتـووە. حەمدیـش (٥) جـار بـەکاری هێنـاوە،

ئەتلێتــەوە، تلانــەوە: لەســەرلا بزووتــن، تــلان: تـل خـواردن، گلان، لەسـەرلا گـەڕان.

**- بەجـارێ ئێشـی نەخچیـری وەهـا ئەبڕێتـەوە غەمـزە**

**لـە دەرمـان و حەکیـم ئازادەیـە مەجمووعـی بیمـارت ٢٦٢**

غەمـزە: چاوهەڵتەکانـدن، قسـەکردن بـە چاوبرۆ، نـاز. مەجمووع: تەواو، سەراسـەر، سـەرجەم.

**- شێخ و عـەدل و حاکم و کەشف و حەکیم و مەرحەمەت**

**نەبـووە نابـێ بوونـی خەربـی قاعیـدە نـاکا بـە شـاز ٣١٦**

شـێخ: پیـاوی گـەورە و زانـا، سـەرۆکی تەریقەتـی دەروێشـی، مورشـید. کەسـی بـە سـاڵا چـوو. عـەدل: داد، دادپـەروەر، وەکـوو، بەرانبـەر. حاکـم : دادوەر، قـازی، فەرمانـدە، فەرمانـڕەوا. کەشـف: ئاشـکراکردن، پەیداکردن، پەردە لادان لەسـەر شـتی نهێنـی، ڕوونکردنـەوەی شـتی قـورس. حەکیـم: زانا، دادگـەر، ژیـر، وتـە ڕاسـت، پزیشـک. مەرحەمـەت: میهرەبانـی، بەزەیـی پێدا هاتـن، ڕەحمـەت. خـەرب: خـراپ، خـراو، وێـران، لەکارکەوتـوو.

قاعیـدە: مێـی (قاعید)ـە، بناغـە، بنـچ، بنەوان، دەسـتوور. شاز: نـا ئاسـایی، کۆیەکـەی شـەوازە. تـاک، تەنیـا، ناوێـزە.

**- تـا ویسـاڵ هـەر قاعیـدەی سـووتانە نـاری هیجـری یـار**

**ئاگری زەردەشـتییە عەشـقە حەکیمـی ئـازەری ٤٢٥**

ویسـاڵ: پێوەنـدی، بـە یەکتـری گەیشـتن، دوو خۆشەویسـت بـە یـەک بگـەن. هیجـر: دووری، جودابوونـەوە، لەیـەک دوور کەوتنەوە. زەردەشـت:

ئـازەر: نـاوی باوکـی (حەزرەتـی) ئیبراهیم خەلیلە، ئـەم نـاوە لـە قورئـان سـووڕەتی (٦) ی (الانعام) ئایـەی (٧٦) دا هاتـووە، بـەڵام لـە بەڵگەنامـە کۆنەکانـدا بـە ناوونیشـانی باوکـی ئیبراهیـم بـاس نەکـراوە.

**- بیروونـی دائیـرەی دەرکـە لـە ئافاقـی فەهـم خاریـج**

**چییـە و چۆنـە و چ نەوعێکـی بکـەم تەعریفـی نازانـم ١٩**

بیـروون: دەرەوە. دیـار، ئاشـکرا، پەیـدا، نوێنـراو. دائیـرە: چەنبـەر، حەڵقـە، چوارچێـوە، هەمـوو خەتێکـی گرد کـە دەورەی شـتێکی دابـی. ئافـاق: ئاسـۆ، قەراغـی هەمـوو شـێک، مەملەکـەت، وڵات، نـاوی ژنانـە. فەهـم: زانیـن، تێگەیشـتن، شـارەزا. خاریـج: دیـوی دەرەوەی هەمـوو شـتێک، ڕووکەشـی هەمـوو شـتێک، ئـەوەی دیـارە لـە هەمـوو شـتێک. تەعریـف: ناسـاندن، دەرخسـتنی ڕاسـتیی شـتێک، یـان ڕووداوێـک بـۆ کەسـێکی تـر. وەسـف، ناسـراو، زاراوەیەکـی زانسـتی نەحـووی عەرەبییـە.

**- دەرکـی بـێ چـاو حیسسـی بـێ دەسـت سـەیری**

**بێ پێکەی ئەکا**

**ئافەرم بۆ دیدەن و بۆ حیسس و بۆ سەیرانی دڵ 45**

**حیس: کۆیەکەی حەواسە: هەست، هۆش، متەق، خوست.**

**- ڕۆحی بێ ئیدراک و وێڵ و هەرزەگەردم بۆ چییە**

**ساحبی تەمکین و دەرکە دەیکەمە قوربانی دڵ 45+ ئیدراک**

وێڵ: مرۆی باش و بە شەرم و حەیا، شەرم، بەرەڵڵا و بێ جێ و ڕێ، گوڵلەی وەنیشان نەکەوتوو. هەرزەگەرد: ئاوارە، گەڕیدە، حەوداڵ، هەترە بوون، بێ نەوایی. تەمکین: هێز و تواناییدار بوون، ڕێگەخۆش کردن. دەرک: تێگەیشتن، ڕێ پێ بردن، هەست، هۆش، بەشارەت.

**- گەورە بێ دەرکە دەرک خاسە نەسیبی دوردە**

**لە شەرابا نییە نەشئە نە شەهێنی دەردە 64**

حەمدی (14) جار وشە دەرکی بەکار هێناوە. خاسە: هێز و توانایی تایبەتی ناوەوەی کە لە شتدا هەیە. نەسیب: بەش، بەهرە، بەخت. دورد: خڵتەی مەی و شلەمەنی تر. نەشئە: تازە پەیدا بوو، پێگەیشتوو، زیندوو بووەوە. شەهێن، شاهێن: زمانی تەرازوو، ئەو شتەیە یا ئالەتە درێژەیە کە هەردوو تای تەرازوو بە هەردوو سەرییەوە دەکرێ. یەکێکە لە باڵندە شکارییەکان لە عیقاب دەکا. نینۆک و چنگی بەهێزی هەیە. نزیکەی (40) جۆریان هەیە، کە بە هەموو لایەکی جیهاندا بڵاو بوونەتەوە،

**- خودا نەناسینمە خودا ناسین**

**دەرکە بێ دەرکی بێ شعووری شعوور 91**

**شعوور: هەست، خوست.**

**- وا مەزانن ئەمەندە پڕ جۆشم**

**ساحبی دەرک و عامیلی هۆشم 93**

جۆش: گەرمی، شۆڕش، کوڵانی ئاو، یان هەر شلەیەکی تر. عامیل: زاراوەیەکە لە زانستی نەحوودا بەکار دەهێنرێ، ئەوەیە کە دەبێ تیپی دوایی وشە ئیعرابێکی تایبەتی هەبێ. کارگەر، کرێکار، هەموو کەسێکی بە دەست پیشەسازییەک بکا. والی، فەرمانڕەوا، ئەوەی سەرۆکایەتی خەڵکی دەکا.

**- مەی بە زیو و زەڕ وتم بۆچی ئەدەی ئەی مەی فرۆش**

**مەی کە خالیس نووری دەرکە ڕۆحی عەقڵە و گۆش و هۆش 172**

خالیس: پاک، بێ خەوش، ساف. گۆش: ئەندامی بیستن، بریتی لە ئاوەز، فام. پیاوی بێ هۆش و گۆشە. هۆش: بیر، وشەی ڕاوەستاندنی کەر.

**- هەمیشە بیکرە دنیا چونکە مەعشوقی کەسانێکە**

**خەیاڵی دەرکی بێ کوێرە ئومێدی نوتقی بێ لاڵە 192**

بیکر: کچ، ژنی نەسمراو، ژنی کون نەکراو، نۆبەرە، سەرەتا و یەکەمی هەموو شتێک، یەکەمین منداڵی باوک و دایک. مەعشووق: دۆست، یار. لاڵ: ئەو کەسەیە کە قسەی بۆ نەکرێ، ئەو کەسەی زمانی بگیرێ و نەتوانی بە ڕاستی دەنگ لە دەمی بهێنێتە دەرێ.

**- ئەوی عەقڵی هەیە هەر دەرک و هۆشێکی لەسەردایە**

**فیدای چاوی نیگار و بەچە و پەیمانەیی مەی کا 236**

فیدا: قوربانی، شتێک لە پێناوی شتێک بدرێ، دانی سەر و گیان لەباتی شتێکی تر.

نیـگار: بـوت، خۆشەویسـت، دلبـەر، مەعشـووق، مەحبـووب، نەقـش، وێنـە، دیمـەن. بەچـە: منـداڵ، بەچکـە، بێچـوو، هەتیـو، لووسـکە، بـێ ڕیـش. پەیمانـە: پێـک، جامـی مـەی.

**– بۆ دڵ ڕەوانە ئەو قسەیە دەردەچێ لە دڵ**
**دەریایی دەرکە مەنسـەبی کانی هونـەر مەنبـەع ۳۳٦**

ڕەوان: خـۆش ڕەو، ڕەهـوەن، بـە چاپووکـی لـە ڕێگـە ڕۆیشـتن. گیـان، جـان، ڕوح، نەفـس. ڕێـک. مەنسـەب: دانـراوی کاتـی، دانـراوی جارەکـی. کانـی: سـەرچاوە، کانـی مەعـدەن. مەنبـەع: سـەرچاوگە، کانیـاو، کانگـە، کانـی مەعـدەن،

**– بزانـە مـاڵ و دەرکـی پێکـەوە قابیـل بـە کـەس دیوە**
**چ بـێ دەرک و کەمالـە ڕەببـی چەنـدە ناقیسـە گـەردوون ٤۰۲**

قابیـل: شـایان، ئـەوەی ئامادەیـە قبووڵـی شـتێک، یـان کارێـک بـکا. نـاوی یەکـەم کـوڕی حەزرەتـی ئادەمـە. کەمـال: تـەواو بـوو، کامـڵ بـوو، بـێ کەموکـووڕی، خـوو و ڕەوشـتی تـەواو. ناقیـس: کـەم، کـەم و کـورت، کـەم و کـووڕ، لـەت، نادروسـت، نیـوە چـڵ. گـەردوون: چـەرخ، چـەرخ و فەلـەک، ئاسـمان، هەمـوو شـتێکی لـە دەورەی خـۆی بسـووڕێتەوە.

**– ئینتیقامی خۆم دەسێنم جەهل ئەگەر مانیع نەبێ**
**شـوعلەیی ئاهـم دەنێمـە خەرمەنـی ئیدراکـەوە ٥٤**

ئینتیقـام: تۆڵـە، سـزادان. شـوعلە: گڵپـە، گـڕ، زمانـەی ئاگـر. ئاهـ: ئـاخ، وشـەی داخ و ئەفسووسـە لـە کاتـی هەسـت کـردن بـە دەرد و ڕەنجەڕۆیـی، لـە هەناسـەیەکی قـووڵ لـە نـاو دڵ و دەروون و قـوڕگ لـە دەم دێتـە دەرێ. خەرمـان: بەروبوومـی شـت، بەرهەمـی گەنـم، یـان جـۆ کـە لـە جۆخینـدا کـۆ دەکرێتـەوە، بەرهەمـی دانەوێڵـە ئـەوەی نەکوتـراوە و لـە کا جـودا نەکراوەتـەوە.

ئیـدراک: (۱۳) جـار لـە دیوانـی (حەمـدی) دا هاتـووە. زانایـی، لـە بنەبانـی شـت گەیشـتن، زانیـن، حاڵیبـوون، سـەر لـێ دەرچـوون.

**– ئەو ئەدیبانە موجیدی ئەدەبن**
**کە لە ئەهلی تەمیزو ئیدراکن ۸۷**

موجیـد، ئەجـادە: فیعلـی ڕوباعییـە، اسـم فاعیلـە، ئـەوەی ئیشـەکەی بـە جوانـی کـردووە. ئەدیـب: زانـا، شـاعیر، نووسـەر، ئـەو کەسـەی شـارەزایی لـە زانسـتی ئەدەبـدا هەیـە. ئەهـل: شـایان، خـاوەن، پسـپۆڕ، خێـزان، خانـەوادە، بنەماڵـە. تەمیـز: پـاک و خاوێـن.

**– بـۆ دەمـی مەسـتی مەیـی ئیدراکـە لێـوی کـردەوە**
**لەفـزی پـڕ مەغـزە کە بەسـتەی نەخلی بوسـتانی قسە ۱۸٥**

لەفـز: وتـە، واژە، وشـە، پیتێکـە لـە زار دێتـە دەرێ. بەسـتە: دەسـتە، دەسـک، بەندکـردن، سـفت کـردن، لـە یەکتـری نزیـک کردنـەوە. گۆرانـی، سـروود. نەخـل: دار خورمـا. بوسـتان: بـاغ، باغچـە، بێسـتان.

**– وەتەن عەزیزە دەخیلە مەڵێن گڵی خاکە**
**گڵی کلێکە سورمەیی عیونی ئیدراکە ۱۸۹**

عەزیـز: عەزیـزی میسـر نـاوی پووتیڤـار بـووە، وەزیـری فیرعـەون و مێـردی زلێخـا بـووە. بەڕێـز، شـەریف، پایەبـەرز. دەخیلـە: پەنـا بـردن، وشـەی پاڕانەوەیـە. کل: سورمە، تۆزێکـی ڕەشـە بـۆ چـاو ڕشـتن بـەکار دەهێنـرێ. سـورمە: کل، چەشـنە خۆڵێکـی نـەرم و ڕەش و وردە، بـۆ ڕەش کردنـی چـاو بـەکار دەهێنرێـت. عیـون: کـۆی عەینـە، چـاو سـەرچاوە، کـەس، شـەخس. هەڵبژێـردراو و نویشـکی هەمـوو شـتێک. سـەرۆکی میللـەت.

**- سیراتی موستەقیمی عەشقە ڕێگەی گوڵشـەنی جەننەت**

**کـە بولبـول سـاحێب ئیدراکـە موعەتتەلکـەی لەسـەر ڕێمـا ٢٤١**

سیرات، تەریـق: ڕێگـە، ڕێ، شـەقام. شـەرمەزار بـوون. موستەقیم: ڕاسـت، ڕاستەوڕاسـت.

گوڵشـەن: ئـەو جێیـەی دارودرەخـت و گوڵـی زۆر لێیـە. گوڵـزار، گوڵسـتان. جەننەت: بەهەشـت.

موعەتتـەل: نەخـۆش، دەردەدار، لـە ڕاوێژی سـەرف و نەحـوودا وشـەیەکە تیپـی (و، ا، ی)ی تێدابـێ. لـە کار کەوتـوو، ڕێـی لـێ دەگـری تاخیـر بـێ.

**- لـە پـەی جەهـلا بـە عیـززەت چۆتە مـل ئیدراکەوە زیللەت**

**لەگـەڵ ئـەم تـەوق و پێوەنـدە لـە دنیـا موختەسـەر دەڕوا ٢٤٧**

لەپـەی: لەبـەر، بـۆ خاتـری، لـە دوای. جەهل: بێ هۆشـی، نەخوێندەواری، نەزانین، دژی زانستی.

عیـززەت: سـەربڵند بـوون، پایـە بـەرز بـوون، بەنـرخ. بەڕێـز. زیللـەت: خـوار بـوون، نـزم بـوون، کەوتـن، سـەر کـزی، سـەر شـۆڕی، زەلیلـی. تەوق: ئاڵقـەی ئاسـن، گـەوی دەوری مـل و گـەردن. پێوەنـد: پێـوەن، زنجیـری قاچـی ئەسـپ و زیندانـی، ئاشـنایەتی. موختەسـەر: کورتکردنـەوە، کۆتاکـردن، ڕێ بریـن.

**- دڵ و ڕۆحـم لـە کـن یـارە کـە هـەردوو سـاحیب ئیدراکن**

**لـە خـۆم خۆشـم ببـم غائیـب لـە مـن یـارم نەبـێ غائیـب ٢٥٥**

**- دڵ بـە شـاگردی لەبەرچـی خـۆش بکـەم وا سـەیر ئەکـەم**

**دوژمنـی ئیدراکـە دنیـا قەلبـی ئوسـتادی شـکاند ٢٩٥**

شـاگرد: قوتابیی قوتابخانە، بەردەستی پیشـەگەران، کردەوەی شـاگردان لەبـەر دەسـتی وەسـتایان. قەلـب: دڵ. ناوەڕاسـتی هەمـوو شـتێک، ناخـی هەمـوو شـتێک. ئوسـتاد: مامۆسـتا، زانـەر، سـەیدا.

**- لەگـەڵ ئیـدراک و عەقـڵا فەزلەیـە تەحسـیلی نەحـوو و سـەرف**

**کەبـێ دەسـتی مەحاڵـە مەنعـی حاتـەم کا لـە ئەخـز و سـەرف ٣٤٤**

فەزلەیە: پاشـماوە، بەرماو. تەحسـیل: دەسگیرکردن، وەدەسـت هێنـان، دەسـت خسـتن. نەحـوو: زانسـتێکە لـە بابـەت ئیعـراب و دەسـتووری ڕاسـت خوێنـدن و دروسـت نووسـینی زمانـی عەرەبییـە. وەکـوو، لا، ڕێگـە. سـەرف: زانسـتێکە لـە بابـەت ئیشـتیقاقی وشـەی عەرەبییـە، بـڵاو کردنـەوە. خـەرج کـردن، خـەرج کردنـی مـاڵ و پـارە. دەرهێنانـی شـتێکە، یـان کەسـێک لـە جێیـەک.

مەحـاڵ: نابـوون، ناشـێ، شـتێک کـە ڕوودانـی نەبـێ. قسـەی بـێ سـەروپا و بـێ مانـا. کۆکردنەوەی دوو شـتی پێچەوانـەی یەکتـری لـە شـتێکدا و لـە کاتێکدا. ناحـەق، خـوار. مەنـع: ڕاگرتن، وەسـتاندن، وەسـتاندنی کەسـێک لـە کارێـک، یـان شـتێک. حاتـەم: حاتەمـی تـەی، کـوڕی عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەعدی تاییـە. لـە تیرەی تـەی سـەردەمی پێـش ئیسـلامە، پیاوێکـی جەوامێـر و بەخشـندە بـوو، عـەرەب لـە بەخشـندەیی و پیاوچاکیـدا بـە نموونـە نـاوی دەبـەن. ئەخـز: وەرگرتـن، سـەندن، سـتاندن.

**- پێکەنینێکم لە لێوی تێ گەیشتووێ نەدی**

**ڕەهبـەری ئیدراک و فەهمە جیلوەیـی حوزن و مەلال ٣٦٢**

ڕەهبـەر: ڕابـەر. کەسـێکە پەیـام، یان ڕاسـپاردەی کەسـێکی بـە کەسـێکی تـر بگەیەنـێ. فەهـم: زانیـن، تێگەیشـتن. جیلـوە: پیشـاندان، دەرخسـتن، ئاشـکراکردن، نواندن. ناز و عیشـوە، خۆ پیشـاندان بـە شـێوەیەکی جـوان. ئـەو دیارییەیـە کـە زاوا لـە

کاتــی بەیــەک گەیشــتن پێشکێشــی بووکــی دەکا.
حــوزن: غــەم، خەفــەت، پــەرۆش، مەینــەت. مــەلال: خەفەتبــاری، پەرۆشــی، دڵتەنگــی.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(*) حەمــدی (دیــوان)، ســاغکردنەوە و ڕێکخســتن و چاپکردنــی عەبدوڵــڵا خــدر مەولــوود، (چاپــی پێنجــەم)، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٣.

**فەرهەنگەکان:**

١ - واژە نامــەء فلســفی، (فارســی- عربــی)، گــردو آورەء ســهیل محســن افنــان، دار الشــرق، بیــروت، لبنــان، ١٩٦٨.
٢ - مــارف خەزنــەدار، فەرهەنگــی دیوانــی نالــی، دانــان و ئامادەکــردن، چاپخانــەی حاجــی هاشــم، چاپــی دووەم، هەولێــر، ٢٠٠٨.
٣ - محەمــەد نــووری عــارف (د)، فەرهەنگــی دیوانــی شــاعیران (نالــی، ســالم، کــوردی)، بڵاوکــراوەی کــۆڕی زانیــاری کوردســتان، ژ (٣٩)، چاپخانــەی دەزگای ئــاراس، هەولێــر، ٢٠٠٧.
٤ - هــەژار، هەنبانەبۆرینــە، ســروش، تهــران، چــاپ اول، ١٣٦٩.
٥ - گیــو موکریانــی، فەرهەنگــی نۆبــەرە، بڵاوکــراوەی کــۆڕی زانیــاری کوردســتان، ژ (٣٦٤)، چاپخانــەی دەزگای ئــاراس، چاپــی یەکــەم، هەولێــر، ٢٠٠٥.
٦ - گیــو موکریانــی، فەرهەنگــی کوردســتان، چاپــی یەکــەم، دەزگای چــاپ و بڵاوکردنــەوەی ئــاراس، هەولێــر، ١٩٩٩.
٧ - شــێخ محەمــەدی خــاڵ (نوســراوی)، فەرهەنگی خــاڵ، چاپــی یەکــەم، چاپخانــەی کامــەران، ســلێمانی، ١٩٦٠.